
ژمارەی تایبەت

# هاوکاری

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● پێنج شەممە١٦ی تەمووز ١٩٨١ ژمارە ٥٩٦ ●

# شۆڕش و.. رابەرو سەرکەوتن



● ئەوا (١٣) ساڵە ، ئەم وڵاتە خۆشەویستە هەنگاوی مەزنی بنیاتنان دەنێت ، باوەڕ ڕێگایەو ... فەرماندە سەرۆك « صدام حسین »ە ... پشتیوان ، یەکێتی‌و یەك ڕیز وەستانی گەلی عیراق بەکوردو عەرەب‌و هەموو کەمایەتییە براکانییەوە ...

● کاروان دەڕوات‌و سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەدی دەهێنێت ، هەموو ساڵێك لەیادی شۆڕشدا بە شانازییەکی بێسنوورەوە سەرنجی دەستکەتەو سەرکەوتنەکانی دەدەینەوەو هانمان‌دەدات بۆ زیاتر بەرەوپێشەوە .

– پاككردنەوەی وڵات لەهەموو دەستەلاتێکی بێگانەو بەکرێ‌گیراوان .

– چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی کورد .

– خۆماڵی کردنی سامانی سروشتی وڵاتەکەمان‌و رزگارکردنی لەژێر دەستی کومپانیا بێگانەکاندا ..

– چاککردنی باری ژیانی هاووڵاتیەکان‌و خۆشگوزەران کردنیان بەجۆرێ هەموو هاووڵاتیەك لە پاشەڕۆژی خۆی‌و خێزانی دڵنیابێ .

– گەورەترین‌و مەزنترین تاقی کردنەوەی دیموکراتیانەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و یاسادانان‌و ...

– سەرکەوتنی گەورە لە پەیوەندیەکانی دەرەوەدا لەسەر ڕێبازی سەربەخۆی بڕیارو هەڵوێستی عیراق .

– گەورەترین سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانی ناوخۆو دەرەوەدا بە باوەڕ پتەوی شۆڕش‌و یەك ڕیز وەستانی گەل .

سڵاو .. لەڕابەری کاروان سەرکردەی دلێر « صدام حسین » .

سڵاو لەیادی شۆڕشی مەزن ...

پتەو بەهێزتر بێت یەکێتی نیشتمانیمان‌و ..

بۆ پێشەوە

« هاوکاری »

Institut Kurde de Paris

# هەڵبژاردە لە وتارە مێژوویەکانی سەرۆکی فەرماندە



برایینە .

دیسانەوە کە من لێپرسراوێتی لە شوێنی ئێستامەوە دەگرمە ئەستۆ لە بەردەمتاندا ئەی عێراقییە سەربەرزەکان بەڵێنێك رادەگەیەنم کە بەڵێنی تێکۆشەرە بە شەرەفەکانە داوا لە هاوڕێیان لە سەرکردایەتی حزبو برایانم ڕۆڵەکانی ئەم گەلە ناکەم کارێك ئەنجام بدەن خۆم ئەنجامی نەدەم ... وا بێتیان لێناکەم کارێك ئەنجام نەدەن ... کە خۆم ئەنجامی دەدەم .

بە شێوەیەك کار دەکەم کە بڕوای حزبو کالەبووری نەتەوەی عەرەبو گیانی پەیامی ئاسمانی ئیلهامەمان پێ دەدەن .

ئەرکمان ئەوەیە حەق پەرست بینو دژی ستەمکاری بجەنگینو ... قبوولیش ناکەین کە هیچ تێکۆشەرێك لە حزبداو هەر هاووڵاتییەك لە ڕۆڵەکانی گەل سەرکوت بکرێت یان سەرشۆڕ بکرێت .. لە ستەمیش دەدەین لە شوێنەکانی داو . لایەنی حەقیش دەگرین هەر کاتێك هانامان بۆ بهێنێت .

تێدەکۆشم بۆ ئەوەی ببمە ئاڵایەك لە ناو ئاڵاکاندا هەر جۆرێك بێ نە وەك تاکە ئاڵایەك هەروەها شمشێرێك لە ناو شمشێرەکاندا نە وەك تاکە شمشێرێك هەروەها سەرکردەیەك لە ناو سەرکردەکاندا نەك تاکە سەرکردەیەك هەروەها سوار چاکێك لە ناو سوارچاکانی تێکۆشەرانی حزبو ڕۆڵەکانی گەل نەك تاکە سوارچاکێك .

هیچ دوو دڵ نابم یان دوا ناکەوم لە دەست پێشکەریو خستنە ئەستۆی لێپرسراوێتی سەرکردایەتی بۆ پێشەوە بردنی ... بەرەنگاربوونەوەی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکان لەسەر ڕێگای یەکێتیو سەربەستیو سۆشیالستی ئەوەش دەخەمە پێش چاو کە گیانی دەستپێشکەری شۆڕشگێرانە لە لێپرسراوی یەکەم دەبخوازێت لە چوارچێوەی سەرکردایەتی کردنی بە کۆمەڵدا کە بە هەر تێکۆشەرێك دەوری خۆی دەداتو ئەرکی خۆی بۆ دەستنیشان دەکات .

**لەیەکەم وتاری سەرۆکی فەرماندەدا له ١٧ تەموزی ١٩٧٩دا**

● عێراق زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ووڵاتانی جیهانی سێهەم پەرە پێ بدات . بەتایبەتی ووڵاتە بێلایەنەکانو باوەڕی قوولی بە بیروباوەڕی بێلایەنو پێویستی پەرەپێدانی بزووتنەوەی بێلایەنی هەیە لە پاڵ پەرەپێدانی هاوکاری نێوان هەموو ئەو ووڵاتانە لە رووی سیاسیو ئابوریو رۆشنبیرییەوەو کار لە پێناوی زیادکردنی تەئسیرو شوێنی دووەلی ئەم بزووتنەوەیەدا دەکات . بەو جۆرەی کە خزمەتی کاروبارەکانی خەبات دژی ئیستعمارو جیاوازی رەگەزایەتی دەکات . لەگەڵ وەستانی هەموو شێوە چەوساندنەوەو سیاسەتی خۆسەپاندنداو لە پێناوی پەیوەندی ئابووری دەوڵەتاندا بەو جۆرەی مافە بنەڕەتییەکانی ووڵاتانی جیهانی سێهەم زامن دەکات لەسەر بنەڕەتی هاوکاری وەك یەك .

● ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان ئاسایشی نیشتمانی نەتەوەییماندا . لە نێوان فراوانبوون یان تەسك بوونەوەی پانایی دەوڵەتە سەربەخۆو بێلایەنەکان بە هەموو زامنی سەلاوی سەربەخۆییەوە چوونە پاڵ ئەم لایەن یان ئەوی ترو چوونە ژێر تەئسیرییەوە هەڕەشەیە بۆ سەر سەربەخۆیی گەلانو هێزە گەورەکان هان دەدات کە ممارسەی سیاسەتی خۆسەپاندنو هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ بکەن .

● گەورەترین دەسکەوت وەدیەمان هێنابێتو ... شانازی پێوە بکەین ... ئەوەیە کە ئێمە بە ڕێپیشاندانی باوەڕی حزبەکەمانو ... بە پشتگیری کردنی جەماوەری گەلو ، ئیلهام وەرگرتن لە گیانی نەتەوەو مێژووی پیرۆزیەوە ، توانیمان ، تاقیکردنەوەیەکی سەربەخۆی تەواو بنیات بنێین ، لە سەردەمێکدا تیایداو لەسەر بەخۆیی راستەقینەو تەواو هاتووە بووەتە مەسەلەیەکی زۆر دژوارو پڕ گرێکوێرە ، بگرە بە ڕێژەی دەوڵەتە پێشکەوتووکان ئەوانەی تا ڕادەیەك گەورەن .. عیراقی ئەمڕۆ سەربەستی خواستی خۆیەتی .. بەگوێرەی بەرژەوەندییە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی تەسەروف بە سامانەکانی خۆی دەکاتو ، لەسەر بناغەی بیروباوە ڕوو ئیعتیبارە نیشتمانیو نەتەوەییەکان مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات .

هەروەها ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کە لە ماوەی قۆناغی ڕابوردوودا توانیمان قۆناغێکی گەورە لەسەر ڕێگای بنیاتنانی کۆمەڵی سۆشیالیستی ببڕین . کە لەسەر بناغەیدا دادوەریو ئامادەکردنی هەلی گونجاو بۆ هاووڵاتیان دامەزرابێت . کە ڕەنجی تاکە کەسان ڕێز لێبگریتو ، دەست پێشکەری داهێنەرانەیان هان بداتو چەوسانەوەو رووتانەوەش هەڵبووەشێنێتەوە .

ئەمڕۆ . هەموو هاووڵاتییەك لە عیراقدا دابین کراوە . ئەوەتا دەوڵەت لەسەریەتی هەلی کارکردن بۆ هەموو هاووڵاتییەك کاری بۆ بێتو بتوانێت بەڕێوەی ببات دابین بکاتو یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی هەموو هاووڵاتییەك کە سەرچاوەی رزق شکنابات لە هەتیوو . بێوەژنو . لە کارکەوتەو . دوواکەوتوو ؛ ئەوانەی سەرشێتنو پەردمێردن . بە گوێرەی بنەمای تایبەتی دابین کراون . پاش ئەم یاسایانەش هیچ هاووڵاتییەك لە عیراقدا نەماوەتەوە . سەرچاوەی گوزەرانی نەبێت .

● ئێمە لەم بۆنەیەدا سڵاو لە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی ئازا دەکەین لەم جەژنەیاندا . سڵاو لە ئازایەتیان . لە خۆراگرتنیان . لە لەخۆبوردنیان لە بنیاتنانی ووڵاتەکەیانو خزمەتی نەتەوەکەیان دەکەین . عێراق کە بە شەرەفەوە مەسئولیاتی نەتەوەیی لە ئەستۆیە هەمیشە بە وەفا دەبێ بەرامبەر بەم مەسئولیەتە هەرچەندە قوربانی لە پێناودا بداتو هەرچی ڕووبەرووی ببێ بە هۆیە لە گرانیو گیروگرفت چونکە ئەمە قەددەرمانە و ئەمەیە چارەنووسمان .

● ئاهەنگگێران بە بیرەوەریی شۆڕشەوە بووەتە جەژنێکی ڕاستەقینە بۆ هەموو عیراقییە شەرەفمەندەکان ... تیایدا هەست بە کامەرانیو ... ڕێزنانو ... ئاوات دەکەنو ... ساڵ دوای سالیش شۆڕش وای لێهاتووە شوێنێکی ئەوتۆی گرتووە لە ویژدانی نەتەوەی عەرەبو ... لە مێژووی شۆڕشگێرانەی هاوچەرخیدا پتر بایەخ پەیدا دەکات.

ژیاندنەوەی بیرەوەریی شۆڕشی حەڤدەی تەموزو ... قسەکردن دەربارەی تەنیا وەبیر هێنانەوەی رۆژی شۆڕشو ... یەکەمین لاپەڕەی نییەو بەس ... . کاتێك دەستەیەك لە تێکۆشەرە بەعسییە ئازاکان هێرشیان بردە سەر دەستەو دایەرەی رژێمی کۆنەپەرستی بۆگەنو دوواکەوتوو ، لەسەر کاری لابردنو ... ئاسۆی لە بەردەمی سەردەمێکی نوێی لە ژیانی گەل لە عیراقداو ، لە ژیانی نەتەوەی عەرەبدا کردەوە .

لە وتاری سەرۆکی فەرماندەدا لە ١٧ی تەموزی ١٩٨١دا

Institut Kurde de Paris



لە یەرەوەری سیازدەهەمین ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی حەڤدەی سی‌ی تەمووزدا

وا شۆڕشی مەزنـــی حەڤدەی سی‌ی تەمووز لـە عیراقی خۆشەویستو مـــەزندا پێ‌ی نایـــە چواردەهەمین ساڵـــی تەمەنیەوەو بە درێژایــی تەمەنی سیازدە ساڵەی خۆی ئەوەی چەسپاند کە شۆڕشێکی مەزنو گەورەیەو لە ماوەی سیازدە ساڵـی تەمەنی‌دا ئەوەی سەلماند کە شۆڕشی ئــەرکـە دژوارو مەزنەکانە ، شۆڕشی ڕێگای تایبەتی‌و سەربەخۆیە چونکە لە کرداری ناوخــۆی‌و ڕێرەوی نەتــەوەیــی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتی‌دا ، لە هەموو چوارچێوەکـان تێ‌پەڕیوە کە لە ژێر سایەی کێبـەرکـێی هێـزە دەوڵەتی‌یەکاندا ڕێ‌یان پێ دەدرێت .

# شۆڕشی ئەرکە مەزنەکان

ڕێـرەوی شۆڕشـی چەسپاوو ئاشکراو پتـەو دەرکەوتووەو ، هەروەهـا گیانێکی بەرزی بە توانایی‌و ئازایەتی هەبووە بۆ شـاڵاو بردنەسەر هەموو شتێکـی سلبی‌ی واقیع چی لە بواری سیاسی‌دا بێت یان لە بواری ئابووری یان کۆمەڵایەتـی یان پەروەردەیی‌دا ، بۆیـە ئەنجام ، دەرەنجامێکـی زۆری دەستکەوتی مێژوویی‌و مەزنی لە ناوخۆی. وڵاتدا وەدی‌هێنا ، کەسەنگێکـی ئەوتۆو ڕێزلێ گرتنێکـی ئەوتۆو کارتێکردنی ئەوتۆیان بە حزبو شۆڕش بەخشی چی لە مەیدانی عەرەبـی چ لە مەیدانی نێو دەوڵەتی‌دا.

ئەوەی شۆڕش لە نێـو خۆدا وەدی‌هێنان شان بـە شانی ئەو دەورەی بوون کە لە بواری نەتـەوەیـی‌دا گێڕای‌و دەیگێڕێت ، چونکە لە بنەڕەتدا شۆڕشێکـی نەتەوەیی سۆشیالیستی‌یە ، عیراقی کردە بنکەیەکـی سەربەخۆ بۆ تێکۆشـانو جێگایەکی پێشـەوە بـۆ بزووتنەوەی شۆڕشـی عەرەب ، لێـرەوە بـوو شۆڕشـی بـەرەو ڕووی پیلانەکانـی دوژمنـانو ، پرۆژەکانی سازاندنـی خۆبەدەستەوەدان ڕاوەستاو ئازایانە دژی بیری بەزینـی سەوداکردنانە تێکۆشاو ، بەسەربەرزی‌یەوە بەرگری لە مەسەلەی نەتەوەیی‌و لـە

سەربـەرزی‌ی نەتـەوەو کەلەپوورو شارستانیـەتو پاشەڕۆژی کردو دەکـاتو دژی پەیمانی ئیمپریالـی‌و زایۆنی‌و ڕێککەوتننامەکانی کامـــپ دێڤیـدی خۆبەدەستەوەدانو پەیمانی ڕێککەوتنی نێوان زایۆنـی‌و سـادات ڕاوەسـتاو ڕادەوەستێت .

هەروەها سەرکردایەتی‌ی حزبو شۆڕش دەورێکـی بنەڕەتیان گێـڕا لـە وەدی‌هێنانی یەکگرتنی قسەو ڕێککەوتنی عەرەبەکـانو یەکبوونی هەڵوێستو وشەو نەهێشتنی ڕووخانو هەرەسهێنـان لە ڕیـزی عەرەبدا، هەروەها دەورێکی دیارو ئاشکراو بێ‌هاوتایان هەبوو لە ڕاچەنینو پتربوونی بزووتنـەوەی نەتـەوەی عەرەبداو پێشکەش کردنی هەموو چەشنە پاڵپشتی‌و یارمەتیدانێك بۆ گەلـی عەرەب لە میسرو گەلـی عەرەب لە لوبنانو لـە ئەرتیریاو لە وڵاتـە عەرەبەکانی تر .

ئەوە بوو مەسەلـەی فەلەستین ، مەسەلـەی مەرکەزی‌ی حزبو شۆڕش، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بایەخێکی زۆری پـێ‌دراو هەمیشەو بەردەوامیشـی شۆڕش هەڵوێستی ئاشکرای خۆی چی لە بواری عەرەبی‌و چی لە بواری نێو دەوڵەتی‌دا، بەرانبەر بەم مەسەلەنەتەوەندی‌یە پیشان داوە بە گەڕانەوەی هەموو خاکی داگیـراوی عەرەبو گەڕانەوەی هـەموو مافە ڕەواکانی گەلی عەرەبی فەلەستین .

لە بواری نێو دەوڵەتیش‌دا زۆر پێویست بوو چـەند هێزێکی کاریگەر لەسـەر شانۆی مەیدانی نارچەیـی‌و نێو دەوڵەتی بێنە ناراوە کـە پەیرەوێکی تایبـەتو سەربەخۆیان هەبێت ، بـۆ چوونە ناو قۆناغێکی بەرزەوە ئەویش بووژانـدنـەوەی بزووتنەوەی بێ‌لایەنـی‌یەو تێئاخنینی چەند هێزێکـی نوێ ، چونکە تەنیا کارکردن لەو بزووتنەوەیەدا لـــە چوارچێوەی بەردەوام بوونو لاوازی‌ی ئەندامەکانـی‌داو نەبوونی هێزێکی ڕاکێشەریان خاڵێکی ناوەندی ، ئەمـە هەمووی بزووتنەوە کە ڕزگار ناکاتو یارمەتی‌ی چوستو چالاکی‌ی نادات ، تا لێرەوە بوو هێڵی دەست پێ‌کردن لە بۆچوونەکانی شۆڕشـی حەڤدەی تەمووزدا ئەوەیـە کە عیراق چەند شوێنێکـی هێزی هەبێت بە هـۆی پەیڕەوێکی هاریـکاری‌و مرۆڤایەتی‌و ڕزگاریخوازی‌و کاریگەر. لە دەرەوەداو لـە ئەنجامی بنیاتێکی پتـەو چەسپاوی ناوخۆوە .

ئەوە بوو شۆڕش ڕووی ◄



Institut Kurde de Paris

کردە ئەوەی دەورێکـــی گەورە ترو کاریگەرتر لـە پێشـــەوە بردنـــی بزووتنەوەکەدا .

ئەوە بوو عیـراق بـە سەرۆکایەتی‌ی پاڵەوانـی رزگاریخوازی نەتەوەیـی سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین دەورێکی مەزنی لە شەشەمین کۆنگـرەی بێ‌لایەنی‌دا گێرا ، کە لـە ئەیلوولی ١٩٧٩دا لە هاڤانای پایتەختی کووبادا بەسترا .

• تایبەتێتی‌ی شۆڕشـی حەڤدەی سی‌ی تەمووز تەنیا لەو دەورەی‌دا نی‌یە کـە عیراق بۆ پتەوکردنـی بزووتنەوەی بێ‌لایەنـی داویەتی و دەیدات بەڵکـو لە تایبەتێتی‌یەدا خـۆی دەنوێنێت کە دووپاتـی ئەوە دەکاتەوە دەبێـت بزووتنەوەی بێ‌لایەنـی دژی ئەو دەوری خراپـەکاری‌و تێکدانە بووەستێت کـە ئیمپریالیزم دژ بە جیهانـی

# پێشڕەوی بزوتنەوەی عەرەبی ئازادیخواز

سێهەم ئەنجامـی دەدات‌و نایەڵێت پێشکەوتن‌و ئازادی بە خۆیەوە ببینێت .

ئەم دووپات کردنەوەیـە بزووتنەوەکـە لـە دەوری بێ‌لایەنی گوێ پێنەدەر بـۆ دەوری تێکۆشەر لە پێناوی ئازادی‌ی نیشتمانـی‌و پێشکەوتنی گشـتی‌ی دەوڵەتەکانی دەگوێزێتەوە ، لە چوارچێوەی ئـەم بـۆ چوونەدا بوو کە شۆڕشـی ١٧ـ٣٠ی تەمووز لایەنگیری‌ی ئەوەی کرد کە شەشەمین کۆنگرەی بەرزی بزووتنەوەکە لە هاڤانای پایتەختی کووبادا ببەسترێت ، ئەویش لەبەر ئەوەیـە کـە کووبای سۆشیالیست سەنـگی کاریگەری‌و سەربەخۆیی‌یەکی هەیە لە پەیڕەوی سیاسـی‌ی پەیوەنـدی‌یە نێـو دەوڵەتی‌یەکانی‌دا .

پتەوبوونی پایەی عیراقی نێو دەوڵەتی شایەنشانـی پتربوونی پشتگیـری‌ی یارمەتیدانی بێ مەرجانـەی بووە بۆ چەندین دەوڵەتـی پەرەئەستێنی عەرەب‌و بێگانە، ئامانجی عیـراق لـەو یارمەتیدانانە رەچاوخستنی

وەدەست‌هێنانی دۆسـتو برادەرانە بۆ عەرەب کـە فراوان تر دەبێت تا ئـەوە دەگرێتەوە پاڵ بە دەوڵەتـە پەرئـەسـتێنـە زۆر زۆر هەژارەکانەوە بنرێـت لە چارەسەرکردنی تەنگ‌و چەڵەمەکانیان داپشتت بـە دەوڵەتی سەربەخۆ‌و ئـازاد ببەستن کە هەوڵ نـادەن مەرجی سیاسـی یـان ئایدۆلۆژی‌یان بەسـەردا بسەپێنن کە پەیوەندیـان بـە دەسـتـەڵات‌و سەربەخۆییانەوە هەیـە بەڵکو بە پێچەوانەوە لـەوە رزگاریان دەکات کە ببنـە جێ‌ی سەوداکردن‌و مامەڵە لە سەرکردنی سیاسەت لـە ئەنجامی نەداری‌یـەوە هەروەها لە لایەکی تـرەوە وایان لێ دەکات کاریگەرترین لە ناو چوارچێـوەی بزووتنەوەی بێ‌لایەنی‌دا .

شۆڕش لە مـاوەی سیازدە ساڵەی تەمەنـی‌دا ، لەگەڵ پتربوونـی رێرەوی شۆڕشـ‌و بنیاتنـان‌و گۆڕانکاری‌ی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستی لە ناوخـۆی وولاتداو ، دەوری پێشەنگی نەتەوەیی‌یانەی لە تێکۆشان لە پێناوی وەدی‌هێنانـی ئامانجەکانی نەتـەوەو دوور خستنەوەی ئەو مەترسیانەی تووشیان دەبێـت‌و ، بەرگری‌کردن لە بـوون‌و دەستەڵات‌و یەکێتی‌ی ، ئەوە بوو شۆڕش رێگای تایبەتی‌و پەیڕەوی جەسپاوی خـۆی هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەو مامەڵەکردنی نێو دەوڵەتی‌دا، دوور لە هەر رواڵەتێـک لە رواڵەتەکانی تەبەعیەتـی سیاسی یان ئابووری‌و لـە چوارچێوەی ئەو بنەمـاو بیـروباوەڕانـەدا کـە سەرکردایەتی‌ی حـزب‌و شۆڕش دایانرێژاون ،کـە پشت بە مامەڵەلەگەڵ یـەک تر کردنـی وەک یـەک‌و بەرانبـەرانەو دەسـت تێوەرنەدانی کاروباری نـاو خۆیان زیان نەگەیاندن بـە بەرژەوەندی‌ی نەتـەوەو مەسەلە چارەنووسی‌یەکانـی ـیەوە دەبەستن .

هەر لە چوارچێـوەی ئەم پەیڕەوەدا دەوری عیراق لە بواری پـەیوەنـدی‌ی دەوڵەتان‌دا پتەوتر بوو چی لە بواری پەیوەنـدی‌ی دوو قۆڵی‌ی لەگەڵ جۆرەهـا دەوڵەتانی جیهان‌دا ، یان لە بواری کۆنگرەو رێکخـراوەوە ئـەوە بـوو دەورێکـی کاریگەری هەبوو لە چوست‌و چالاک‌کردن‌و بە گوڕخستن‌و پشتگیری‌ی بزووتنـەوەی بێ‌لایەنـی‌دا سـەرەڕای یارمەتیدانی وولاتە هەژارو پـەرە ئەستێنـەکان‌و







Institut Kurde de Paris









لایەنگیری كردنی بزووتنەوە ئازادیخواو دیموكراتیەكان لە ئەفریقیاو ئاسیاو ئەمریكای لاتین‌دا كە دژی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و رەگەزپەرستی‌و دیكتاتۆریەت‌و چەوساندنەوە تێ‌دەكۆشن .

ئەم پاڵپشتی‌و یارمەتیدانانە پشت بە بیروباوەڕەكانی حزب دەبەستن لە دووپات كردنەوەی دەوری دیاری‌و مرۆڤایەتی‌یانەی بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبی بۆ پتەوكردنی شارستانیەتی نەتەوەكانی تر‌و بەشداری‌كردن لە بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی‌دا .

شۆڕش لە ماوەی تەمەنی سیازدە ساڵەی خۆی‌دا چەندین سەركەوتنی ئەوتۆی وەدەست‌هێناوەو خستویەتە پاڵ دەستكەوت‌و سەركەوتنەكانی تری ، یەكێك لە دیارترین ئەو سەركەوتنانەی ئەم قۆناغەی ئێستای شۆڕش ، سەركەوتنی پاڵەوانەكانی سەدەی بیستەمە . بە سەرۆكایەتی‌ی پاڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی سەرۆكی فەرماندە صدام حسین لە قادسیەی صەدام بە سەر فارسەرەگەزپەرستەكان‌دا ، كە یەكێكە لەو سەركەوتنانەی شۆڕش لە تەمەنی سیازدە ساڵەی خۆی‌دا بۆ گەلی عیراق‌و هەموو نەتەوەی عەرەب هێناویەتە دی .

ئەم سەركەوتنە بە تەواوەتی ئەوەی چەسپاند كە شۆڕش لە عیراقی مەزن‌دا شۆڕشی بەعسەو بە بە گەل‌و سوپاوە پشتگیری‌ی لێ‌دەكرێت‌و بەرگری‌ی لێ‌دەكرێت‌و دوژمنەكانی تەفروتونا دەكرێن ، هەروەها ئەوەی چەسپاند .

## هەڵویستی سەربەخۆ لە پەیوەندی دەوڵەتاند

كە هیچ هێزێك نی‌یە بتوانێت دوژمنایەتی شۆڕش بكات‌و زیانی پێ‌بگەیەنێت ، هەر وەكوو چۆن دەركەوت ، ئەم سەركەوتنەی شۆڕش لە جەنگی قادسیەی صدام‌دا باشترین مستەكۆلە بوو ، بۆ لێدانی لە خۆبایی بوون و مل‌هوڕان‌و دوژمنانی شۆڕش .

شۆڕشی عیراق شۆڕشی مەزنی بەعسەو ، هەموو ساڵێك حزب‌و شۆڕشی مۆمێكی نوێ‌ی تێدا دائەگرسێنن لە سەر ڕێگای بیروباوەڕو ئامانجە مەزنەكان‌و ڕێڕەوی شۆڕش بەرەو پێشەوە دەبەن لەسەر ڕێگای تێكۆشانی شۆڕشگێرانەو نەتەوەیی‌یانەو بنیاتنانی كۆمەڵی یەكگرتووی سۆشیالیستی دیموكراتی عەرەب‌و وەدی‌هێنانی ئامانجەكانی نەتەوە .

سەڵاو لە سەركردایەتی‌یە مەزنەكەمان بە سەرۆكایەتی سەرۆكی داناو تێكۆشەر صدام حسین كە گەل لە سەركەوتنێكەوە بۆ سەركەوتنێكی تر دەبەن .. سەڵاو لە بازووی تێكۆشەران كە بەرەنج‌و بیرو ئیشی بەشداری‌ی دروست‌كردنی بنیاتی پتەوی شۆڕشی بەعسیان كرد . .

سەڵاو لەو شەهیدانەی كە بۆ بەرگری لە نەتەوەو لە خاك‌و ئاوی نیشتمان‌و لەگەل شەهیدان كران .. هەروەها بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت‌و خواستی سەربكەوێت .




Institut Kurde de Paris

لە بیرەوەری شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووزی مەزندا

# ٥٨٤٠ پرۆژەی ئاوەدانی و پیشەسازی و خزمەتگوزاری لە ولاتدا

ئەم عیراقە خۆشەویستەی، لە بەرەبەیانی ١٧ی تەمووزی سالی ١٩٦٨ەوە ، تیشکی رووناکی تیاهەلبوو ، بەرابەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، لەو رۆژەوەو ئەم ١٣ سالی رەبەقە ، نەخشەی ئاوەدانیو بەرەپێدان بەردەوامەو رەگوریشەی دواکەوتنو کێشەکانی کۆمەلایەتی لە بن هەلکێشراو هاوولاتی عیراق کوردو عەرەبو هەموو کەمایەتیە براکان ، ئاسۆیەکی گەشیان لەبەردەمدا کرایەوەو کاروانیش بەردەوامەو ناگەڕێتەوەو قەلای پێشکەوتنو سەرکەوتنی بەردەوام تا دێت سەربەرز دەبێتو تا دێت پتەوتر دەبێت .



چاککردنی باری گوزەرانی ژیانی هاووتیەکان تەرخان کردنی سامانی ولات لە پێناوی بنیاتنانو ئاوەدانیدا، ئەو گۆڕانکاریە مەزنەی لە ولاتدا بەدی هینا کە مایەی شانازیو سەربەرزی نەوەی ئەمرۆیەو ریگای بەختەوەریو سەربەرزی نەوەی داهاتووە.

## دوو نەخشەی مەزنی گەشە پێدان

لە بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ١٧ - ٣٠ تەموزی سالی ١٩٦٨ وە ، شۆڕش دوو نەخشەی مەزنی گەشە پێدانی نیشتمانی دانراوەو کاری وردو دلسۆزانە بۆ راپەراندنیان کراوە. یەکەمیان لە نێوان سالانی ١٩٧٠ وە بۆ سالی ١٩٧٥ و دووەم لە نێوان سالانی ١٩٧٦ تا ١٩٨٠ .

جێبەجێ کردنی ئەم دوو نەخشەیەی گەشە پێدانی نیشتمانی گۆڕانکاریەکی مەزنی بەرەو پێشکەوتن بە سەر تێکڕایی ژیانی عیراقدا هیناو رادەی باری ئابووری ولات لە هەموو پلەیەکدا پێش کەوتو گەشایەوە ، بە تایبەتی لە ماوەی دووەم نەخشەدا .

داهاتی نەتەوەیی لە ٨٥٠ ملیون دینارەوە لە سالی ١٩٦٩ دا بەرەو ٩٫٧٩٢ ملیار دینار لە سالی ١٩٧٩ دا ، واتە هەرسالەی ٢٧٫٧٣٪ زیادە .

دیسان ناوندی داهاتی فەرد زیادی کردو کەلە سالی ١٩٦٩دا ٩٢٫ر دینار بوو سالی ١٩٧٩ گەیشتە ٧٦٣٫٨ دینار واتە بە زیادەی ٢٣٫٥٪ لە سالێکدا .

## نەخشەی نووێ :

نەخشەی گەشەپێدانی نیشتمانی نوێ ، کە تا ئێستا ئەو بەشەی لە سالی ١٩٨١ دا جێبەجێ دەکرێ راگەیەنراوە ، نەخشەیەکی بەهیوایی بەرەو پێشکەوتنو گەشەسەندی زیاترە لە عیراقی سەربەستو ئازادو گەشەسەندوئاوەداندا .

نەخشەی نوێ ، چەندان برۆژەی گەورەو مەنی تیایە کە ئاسۆی بەختەوەریو پێشکەوتن لە ولاتە خۆشەویستەکەمان گەشتر دەکات ، لەم نەخشەیەدا تێکڕای قمانەی دانراو بۆ نەخشەکە گەیشتۆتە ٢٤٫٥ ملیار دیناری عیراقی ، واتە ٢٩٪ی نەخشەی پیشو زیاترە ، سەرەرای ئەمەش ٤٫٥ ملیار دینار دانراوە بۆ بازرگانی دەرەوەو ئەمەش ٢٦٪ لە نەخشەی پیشو زیاترەو ٢٥.٠٫٥ ملیار دیناریش بۆ فمانەی موازانە کردن دانراوە کە ٤٫٦٥٧ ملیار دیناری لە نەخشەی پیشو زیاترە .

## ● گەشە پێدانی بەردەوام


نەخشەی تازە ، لەبەر رووناکی بیرو باوەری شۆڕشو ئامانجە پیرۆزەکانیا بۆ گەشە پێدان ، بایەخی بە بەرەپێدانی بەرفراوانی هەموو کەرتە بەرهەمدارەکان داوەو ئەم نەخشەیەش لە چوارچێوەیەکی هاوکێشەی ورددا دانراوە ، لەپال بایەخدانی تایبەتی بە کەرتی کشتوکالیو پیشەشازی بە ئامانجی کەمکردنەوەی تەنیا متمانە کردنە سەر نەوت . سەرەرای بایەخدانی تەواو بە بیناکاری بەسوودو بەرەو پێشەوە بردنی لایەنەکانی تەندروستیو خوێندنو رۆشنبیریو راگەیاندنو رێگاوبانو هاندانی لێکولینەوەو خوێندنی زانستی .

بۆ کەرتی پیشەسازی لە نەخشەکەدا نزیکەی ١٢٤٦ ملیون دینار دانراوە کە دەکاتە ١٨٪ی تێکڕای نەخشەکەو ئەمەش هەنگاوێکی پێشکەوتوە بۆ دانانی بنکەیەکی پیشەسازی پێشکەوتو لە عیراقدا .

تێکرای ئەو پرۆژانەی دەستکراوە بە راپەراندیان دەگاتە ٥٨٤٠ پرۆژە ، لەمانە : ٤٠١ پرۆژە لە کەرتی کشتوکالیداو ٧٠٩ پرۆژە لە کەرتی پیشەسازیداو ٥٢٥ پرۆژەی کەرتی گواستنەوەو رێگاوبانو ٧٩٩ بۆ کەرتی خوێندنو خێرکردنو پەروەردە بە خوێندنی بەرزو لێکولینەوەی زانستیەوە ٤٠٦ پرۆژەی کەرتی بیناکاریو چەندان پرۆژەی تر لەو مەیدانە جۆربەجۆرەکانی گەشەسەندندا .

**بەم جۆرە ، کاروانی شۆڕش بەرەو ئاسۆی رووناکتر دەروات .**

**بەم جۆرە شۆڕش پاشە رۆژی سەربەرزیو پێشکەوتو بۆ نەوەی ئەمرۆو داهاتوو بنیات دەنێتو بەم جۆرە عیراقی پێشدەکەوێت.**













Institut Kurde de Paris

# دەستکەوتەکانی ١٣ ساڵەی شۆڕش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

عبدالوهاب تاڵەبانی



□

ملیۆنە ها دینار

بۆ تەندروستی و

نیشتەجێ کردن و

کشتوکاڵ و پەروەردەو

رۆشنبیری لە

کوردستان

□

دانشگایەک لە

لە هەولێر

□

وەرگرتنی هەموو شاولیزی

داوای قبوڵ

کردنیان کردووە لە

بەشە ناوخۆیی یەکاندا

● لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین ، بەهەموو چالاکی یەکانی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستاندا بچینەوە لەساڵی ١٩٧٤وە ، کە دەکاتە ساڵی دامەزراندنی و ، تائێستا .. بێگومان هەوڵێکی چاکو کارامە دراوەو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە رۆژ لەدوای رۆژ ئەم چالاکیانە سوودبەخش تر بن و ، دەزگاکانی ناوچەکە لەجاران باشتر بجوولێنەوە ، ئەم تەمانە دەکەین چونکە پشتمان بە تێڕوانینی بنیاتنەرانەو لایەنگرتنی بێسنووری سەرکردایەتی شۆڕش پتەوە ، بەتایبەتی ئامۆژگاری و هەڵوێستە گەورەکانی سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین کە هەموو جاریّو لەهەموو بۆنەیەکدا بایەخی گرنگی بە ناوچەی کوردستان داوەو بەکردەوە دووپاتی کردۆتەوە کە چەند بە تەنگی بەرەوپێشەوەبردنی باری گوزەران و ژیانی گەلی کوردمانەوە دێت .

١ – ئەمانەتی گشتی پەروەردەو فێرکردنی باڵا :

ئەم ئەمانەتە لەرۆژی دامەزراندنیەوە مەسەلەی پەرەپێدان و پێشخستنی باری پەروەردەو فێرکردنی باڵای کوردستانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و ، بەراوردکرنی ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابیان و مامۆستایانی ساڵانی ١٩٧٤–١٩٧٥و ١٩٧٩–١٩٨٠ رادەی ئەو پەرەپێدانەمان بۆ دەردەخا :

| | ساڵی ٩٧٥/٩٧٤ | ساڵی ٩٧٩/ ٩٨٠ |
|---|---|---|
| ا ـ ژمارەی قوتابخانەکان | ٦٧٠ | ٢٧٦٣ |
| ب ـ ژمارەی قوتابی یەکان | ١١٣٧١٥ | ٣٧٧٦١٤ |
| ج ـ ژمارەی مامۆستاکان | ٦٨٧٦ | ١٤٣٢٨ |

هەروەها لە مەیدانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا ئەم ئەمانەتە مەردانە قۆڵی لێ هەڵماڵی و ، پلانی پێویستی ئەم کارە نیشتمانی یە گەورەیەی جێبەجێ کرد .. حاڵی حازر ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە میللی یەکان خۆی دەدا لە (٢١.٣٠٦) کوڕو کچ و لەمەیدانی خوێندنی بەزۆردا (٣٥٥٣٩) قوتابی کوڕو کچ نێرراونەتە قوتابخانە ، هەروەها ئەمانەت بەشێوەیەکی چاک توانیویەتی کادیری پێویست بۆ دەزگاکانی ئەمانەت بدۆزێتەوەو دایانمەزرێنێ و ، خانووی پێویست بۆ



قوتابخانەکان و موختەبەری هاوچەرخی چاک و هەموو پێویستی یەکانی تری خوێندن فراوان بکات و بخاتە ژێردەست .

ئەمەش رێژەیەکە بەو پارانەی بۆ خواردەمەنی قوتابی یەکانی قوتابخانە سەرەتایی یەکان تەرخان کراوە :

| | ٩٧٦/٩٧٥ | ٩٨١/٩٨٠ |
|---|---|---|
| پارەی تەرخان کراو (دینار) | ٥٦١٩١ | ٢٨٠٥٩٢٩ |
| قوتابخانەکان | ٢٦٩ | ٢٥٧٩ |
| قوتابی یەکان | ١٥٢٦١٨ | ٣٠٠٠٠٠ |

هەروەها بەپێی توانا ژمارەی وەرگیراوەکان لە بەشە ناوخویی یەکاندا لەم ساڵانەی دوایی یەدا گەلێ زیادی کردوە :

| | | |
|---|---|---|
| وەرگیراوەکانی ساڵی ٩٧٦/٩٧٥ | ٤٥٠ | قوتابی |
| وەرگیراوەکانی ساڵی ٩٨٠/٩٧٩ | ٣٦٦٣ | قوتابی |

بۆ ئەمساڵیش پێشنیارکراوە کە ٢٣٣٥ قوتابی تر وەربگیرێ ، واتا وەرگرتنی هەموو ئەو قوتابیانەی کە پێویستە لە بەشەناوخویی یەکاندا بژین .

لەماوەی چەند ساڵ رابوردوودا سێ پەیمانگەی ئاینیش کرانەوەو ، زیاتر لە (٥٠٠) هاووڵاتی لەوانەی بڕیارەکانی لێبوردن گرتبوونیەوە لە دەزگاکانی ئەمانەتدا دامەزران ، جگە لە ٣٠٠ هاووڵاتی پەککەوتە کە ئەوانیش دامەزرێنران ، لە سلێمانیش پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کرایەوە . هەروەها لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ، مەسەلەی دامەزراندنی چەند کۆلیجێک وەکو پێشەکیەک بۆ دامەزراندنی دانشگایەک لە هەولێر خرایە باسەوەو لیژنەیەکی بۆ دامەزراو ، پێشنیار لە رێگەی ئەنجومەنی راپەڕاندنەوە درایە وەزارەتی پەروەردەی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی ، لەویشەوە وەڵام درایەوە کە پێشنیارەکە قبوول کراوەو لەوانەیە بەم نزیانە جێبەجێ بکرێ .

هەروەها ( قوتابخانەی گشتی ـ الشامله ) لەهەولێر کرایەوەو (٣١) قوتابی نێررانە دەرەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا ( دکتۆراو ماجستیرو دبلۆمی باڵا )و دەیان قوتابخانە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا کرانەوە .

بڕوانە : ل : ١٢

# سەرگەردە و رابەر و تێکۆشەر

# صدام حسين

## لە لێنگەو .. لە ناو ماڵ و .. لە سەر لووتکەی چیاو .. لە بەرەی جەنگ دا .. لەگەڵ گەل و لە ڕیزی گەلدایە











Institut Kurde de Paris

پنج شمم ١٩٨١/٧/١٦













Institut Kurde de Paris

# ڕاپەڕینی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی لە سێبەری شۆڕشدا

**باری ڕۆشنبیری‌ی گەلی کوردمان تا نیوەی سەدەی بیستەم بارێکی ناهەموارو تاریکبوو ، ئەگەر سەیری بیبلوگرافیای کتێب و ڕۆژنامەنووسی و گشت چاپەمەنی‌یەکانی کورد بکەیت لەو ماوەیەدا جێگەی ڕامان و سەرسامی‌یە کە لە بەراووردی بەرهەمی حەفتەیەک یان مانگێکی گەلێکی پێشکەوتوودا لاسەنگ دەوەستێت . زۆر ساڵی وامان هەیە چاپەمەنی‌یەکی لێ بڵاونەبووەتەوە یان لە ژمارەی پەنجە زۆرتری تێدا نەبووە. ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان پچڕ پچڕو تەمەن کورت و بێ‌دەسەڵات و هەژاربوون ، کۆڕو کۆمەڵەی ئەدەبی و هونەری نەبووەو لە مەیدانی هونەری شانۆو موسیقاو دەست ڕەنگینی‌دا بێ‌بەش بووین . نەخوێندەواری باڵی ڕەشی بەسەر لادێو چینە چەوساوەکانی گەلدا بڵاوکردبووەوە قوتابخانە زیاتر لە شارەکاندا هەبوون، ئەویش زۆربەیان خوێندنیان تێدا نەخوێندرا ، سەرەڕای ئەوەش کە ئافرەت بەنیسبەتێکی گەورە لە خوێندەواری بەدووربوو بەشداریان لە ژیانی ڕۆشنبیری‌دا وەکو نەبووابوو .**

**باری ئەدەبی کوردیش لەو جۆرە ڕۆژگارە تەنگ و تاریکانەدا دیارە لە بێ‌هێزی و هەژاری بەدەرنابێت ، چیرۆکی کورت و شانۆیی و ڕۆمان ، هەروەها ڕەخنەو لێکۆڵینەوە کە لقە هەرە بەپێزو بەرخەکانی ئەدەبن بێ‌هێزو دەرتان بوون .**

بەڵام پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ، دوای ئەویش شۆڕشی ١٧ – ٣٠ تەمووز ، تاریکی خەریکی پێچانەوەی پەردەکەی بوو، تیشکی رووناکی زانین و ڕۆشنبیری‌ی هەموو سووچ و کەلێنێکی کوردستانی ڕۆشن کردەوە . ڕۆشنبیری‌یەکی بەناوەرۆک مرۆڤ پەروەرو پێشکەوتوو گەشەی کردو ئەمڕۆ بووەتە نیشانەیەکی بەرزی ژیانی شارستانێتی‌ی گەلی کورد لە عیراقدا .. ئەوەی لەو چەند ساڵانەدا کراوە لە ڕووی چەندی و چۆنی‌یەوە ،

هەرگیز لە توانادا نی‌یە بە ووتارێکی سەرپێی‌یی وەها بێتە زانین و هەموو شتێ بە ژمارەی ڕاستەقینەو لە شوێن و کاتی خۆیدا باس بکرێت بەڵکو ئەوەی دەینووسین تەنیا چەند دێڕێکە لە کتێبێکی گەورەو چەند سەرباس و سەرقەڵەمێکە لە لێدوان و لێکۆڵینەوەی فراوان و بەپشوو .

ئەمڕۆ کە گەلی کورد لە مافی ڕۆشنبیری‌ی ڕەوای خۆی دەچێژێت ، بەڵگەی بوون و ئەمری خۆی دەدا بەدەستەوە کە خاوەن کەلەپوورو ڕۆشنبیری و خاوەن کەلەپوورو ڕۆشنبیری و زمان و تایبەتێتی‌ی خۆیەتی و شۆڕش هەموو کارێکی بۆ ئاسان کردووە تا ئەو کوردە بە سەربەستی بتوانێ بوونی خۆی زیاتر بچەسپێنێ و مافی ڕەوای خۆی دەستگیر بکات لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتووی پێشکەوتووی سەربەخۆدا..

ئەمانەش لە هەڵوێستێکی سەرزارەکی و بێ‌پاڵپشتەوە نەهاتوون بەڵکو پاڵیان بە بیروباوەڕێکی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی داوە کە بیروباوەڕی شۆڕشی تەمووزی مەزنە لە عیراقی خۆشەویستدا کە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست سەرکردایەتی دەکات بەرابەری و سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر ، پاڵەوانی قادسیەی صدام و سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین .

ئیتر وا لەم چەند دێڕانەدا پەنجە بۆ هەندێ کاروبارو هەنگاوی پیروز ڕادەکێشین و چەمکێک لە دەستکەوتە زۆرو دەوڵەمەندەکانی مەیدانی ڕۆشنبیری دەخەینەڕوو .. بە هیوای ئەوە کە ئاواتەخوازی کاری زۆرترو ڕەنجی گەورەتر بین ..چونکە لە چاو گەلێکی وەکو کورددا چەندی کراوە هێشتا کەمەو دەبێ ئێمە هەموولایەکمان لە کاردا سستی نەنوێنین و زیاتر چینی دیواری ڕۆشنبیری کوردیمان هەڵچنین ، لەم ڕۆژگارەدا هەرچی هەل و دەرفەت هەیە بەکاریان بهێنین بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی ووشەی کوردی بەئامانج و هوشیارکردنەوەی گەل بۆ ڕێگەی پێشکەوتن و برایەتی و بەختیاری ..

**ئەو دەزگا کوردی‌یەکان**

لەم ماوەیەدا شۆڕش کەوتە هەڵێنانی هەنگاوی گەورە لە ڕێگەی گەشەکردن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری‌ی کوردی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و زانین و هوشیاری لە ناوچەی کوردستاندا و بۆ ئەو مەیدانانە یەک یەک داموده‌زگای تایبەتی دامەزراند ، ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردیدا کۆڕی زانیاری دانا کە خزمەتی زمان و زانیاری دەکات و زانکۆیەکی لە سلێمانی کردەوە بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندی تیشکدانەوەی زانستی بۆ هەموو ناوچەکە ، بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی خوێندنی کوردی بووژاندەوەو خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بوو بە کوردی و کتێبەکانی خوێندن کران بە کوردی و زمان و ئەدەبی بە دەرس خوێندرا . ئیستگەی ڕادیۆی کوردی ماوەی بڵاوکردنەوەی زۆربوو بەرنامەو ماددەکانی فراوان کران ، شەپۆلێکی تایبەتی لە تەلەفزیونی کەرکوک بۆ کوردی تەرخان کرا . دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیش پێویست بە لێدوان ناکات چ دەورێکی گەورە دەگێڕێ لە بواری پەرەپێدان و پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری‌ی کوردیدا . ئەمانەتی گشتی ڕوشنبیری و لاوانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ئەویش پاش دامەزراندنی داموده‌زگاکانی حوکمی زاتی‌ی کوردستان کەوتە خۆی بۆ بەشداربوون لە خزمەت و گەشەپێدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری‌ی کوردیدا .

دەستکەوتەکانی گەل لە بواری خوێندن و فێرکردندا ئەوە جگە لە زانکۆی سلێمانی و مەعهەدی هونەری و پەیمانگاو خانەی مامۆستایان و مەعهەدی ئیسلامی و قوتابخانە پیشەیی‌یەکان ، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی کراونەتەوەو خوێندن بە جۆرێ پەرەی سەندووە کە لە ژمارەی قوتابی و ژمارەی مامۆستاو قوتابخانەدا بەراوورد ناکرێت لەگەڵ پێشوودا ..

خۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەی پەککەوتەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانی مایەی شادمانین کە کوردستانیان ڕازاندووەتەوە .

ئەمڕۆ ژمارەی دەرچووانی زانستگاو زانکۆ لە نێو کورددا زۆر بووەو ئەمانەش لە هەمە جۆر شارەزایی‌دا هەن لە پزیشک و ئەندازیارو مامۆستاو هونەرمەند و زاناو دکتۆراوە نێرو مێ.

لە بواری هونەردا ، ئائێستا چەند تیپی شانۆیی تایبەتی لە کوردستاندا دامەزراوەو چیرۆکی شانۆیی بۆ جەماوەر دەنوێنن جگە لە تیپی مۆسیقاو گۆرانی . پەیتا پەیتا پیشانگای نیگاری هونەری و فوتوگرافی و کەلوپەلی فۆلکلۆری و خۆماڵی ڕێکدەخرێت . ئەوەی لە هەمووان دیارو بەرچاوتر بێ ( تیپی شایی و سەمای کوردی ) هەولێرە. کە کچ و کوڕانی کوردستان هونەری سەمای کوردی دەبووژێننەوەو مایەی خۆشبەختی‌یە ئەمساڵ لەسەر شانۆکانی (بەرلین) چالاکی‌ی خۆیان نواند .

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیش یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی مەیدانی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری کە شۆڕش کردوویە بە دەستکەوتێکی بەنرخ بۆ گەلی کورد کە کاروکردەوەکانی مایەی شانازین ، تا ئێستا چەند




Institut Kurde de Paris

## نەخۆشخانەی گەورە لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك

## کردنەوەی ڕێگاوبانی نوێ

## ٣٠ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی هاوینەهەوارو شارەوانی یەکان

## چالاکی فراوان بۆ پەرە پێدانی ڕۆشنبیری لە کوردستان

**٢ – ئەمانەتی کاروبارو نیشتەجێ کردن :**

ئـەم ئەمانەتە لەدامەزراندنیەوە تا ئێستا ئـەم پرۆژانەی تەواو کردوە :

ا – (٤٣) خانوو بۆ پزیشکەکان
ب – (٦٦) خانوو بۆ فەرمانبەران
ج – (١) خانووی پشوودان لە زاخۆ
د – (١٧) خانووی تری میری
هـ – (٦٥) قوتابخانەو بەشی ناوخۆیی
و – (٧) مەڵبەندی کۆمەڵایەتیو دایەنگەو یانە ..
ر – (٥٩) پرۆژەی خزمەتگوزاری تەندروستی
ح – (٤) پرۆژەی لاوان .

حالی حازریش ئەم پرۆژانە ئیشیان تیا دەکرێ :

ا – (٣٠) پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو نەخۆشخانە
ب – (١٧) خانوو بۆ دائیرەکانی دەوڵەت
ج – (١١) قوتابخانە
د – (٩) پرۆژەی کاروباری کۆمەڵایەتی
هـ – (٩) مەڵبەندو خانووی لاوان
و – (٤٣) خانوو بۆ فەرمانبەران
ز – (١٦٨) ئەپارتمان بۆ کرێکاران
ح – (٩) بارەگا بۆ رێکخراوە میللی یەکان
ط – (١) کارگەیەکی چاکردنەوە لە دهۆك

ئەم پرۆژانەش بەم زوانە دەستیان پێ دەکری :
ا – دامەزراندنی دوو کارگەی گەورە بـــۆ چاکردنەوەی ئامیرەکان لە هەولێرو سلێمانی .
ب – چاككردنەوەی (١٠٠٠) کم لە رێگاوبانەکانی ناوچەی کوردستان .
ج – کردنەوەی چەند رێگایەکی تر .

**٣ – ئەمانەتی کاروباری کۆمەڵایەتی :**

**خزمەتگوزاری تەندروستی :**

ئـــەم ئەمانەتە ، پێشکەش کردنی هەمــــوو خزمەتگوزاری یەکی تەنـــــدروستی خۆپاراســـتنو چارەسەرکردنی کەوتۆتە سەرشانو ، ئەو کاتەی کـە ئەم ئەمانـــەتە دامـــەزرا دامودەزگای تەندروستی لەناوچەکەدا ئیجگار کەمبوونو گەلێ لایەنی پســـپۆری تەندروستی هەر بەجارێ نەبوو ، بۆیـــە یەکســـەر دەسکرایە نەخشەکێشانو پلاندانان بۆئەوەی ژمارەی دامودەزگا تەندروستی یەکان زۆر بکرێتو ، هەمــــوو کەرەستەو ئامێری هاوچەرخی تەندروستی بۆ ناوچەکە بێنرێتو ، ژمارەی پزیشکە پسپۆرەکان لە هەمـــوو نەخۆشی یەکانو بەشەکانی تەندروستیدا زۆر بکرێت .

ئەمەش ژمـــارەی دامودەزگا تەندروستی یەکانی ناوچەکەیە :

| ژمارە | نــــاو |
| --- | --- |
| ٣ | ٧ – مەڵبەندی تەندروستی تاقی کردنەوە |
| ٢٥ | ١ – نەخوشخانەکان |
| ٥٠ | ٢ – مەڵبەندە تەندروستی یە گشتی یەکان |
| ١٦٥ | ٣ – لقەکانی مەڵبەندە تەندروستی یەکان |
| ٣٥ | ٤ – مەڵبەندەکانی ئەشیعە |
| ٤ | ٥ – عیادە پزیشکی یە ناوەندی یەکان |
| ٣٨ | ٦ – عیادەی دانسازی |
| ٢٢٠ | ٨ – عیادەی تەئمینی تەندروستی |
| ٤٥ | ٩ – مەڵبەندە تەندروستی یەکانی گونـــــدە هاوچەرخەکان |






ئەمانەت حالی حازر خەریکی دروستکردنی ئـەم پەیمانگایانەیە :

١ – پەیمانگەی پیشە تەندروستی یەکان لـــە هەولێر .
٢ – پەیمانگەی سسترەکان لەهەولێرو سلێمانیو دهۆك .

هەموو ئەم پەیمانگایانە دوو ملیۆنو چوارسەدو بیست (٢٤٢٠٠٠٠ ) هەزار دیناریان تێدەچێ .

هەروەها ئەمانەت خەریکە بەدەیان خانوو بـــۆ پزیشکەکانی کوردستان لەگونـــدو ناحیەو قـەزاو شارەکاندا دروست دەکا کە هەمووی (٩٦٧٠٠٠) دیناری تێدەچێو زور بەشی تەواو بوە .

لە هەولێر بایی (١٢٧٠٠٠٠) دینـــار پرۆژەی تەندروستی لەساڵی ١٩٨٠دا دروستکراوە کـــە گرنگترینیان دروســـتکردنی نەخۆشخانەیەکی (١٠٠) قەرەوێلەیی بوو لە رەواندز .

لە سلێمانیش باسی (٣٣٠٠٠٠) دینـــار پرۆژەی تەندروستی لەســـالی ١٩٨٠دا دروســـتکراوە ، لەدهۆکیش بایی (٢٨٥٠٠٠) دینار پرۆژەی تەندروستی لە هەمان ساڵدا تەواو کراوە .


لەناوچەی کوردستاندا ، حالی حازر گــــەلێ دامودەزگای تەندروســـتی گەورەو فراوان دروست دەکرێن ، وەکو نەخۆشخانە گشتی یەکەی هەولێر کـە (١٢) ملیۆن دیناری تێدەچێ جگە لـــە چـــەندین نەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستی تر لە کۆیـــەو شەقڵاوەو سلێمانیو هەڵەبجەو رانیەو دهۆکو زاخـۆو دیاناو هەریرو سەنگاو سورداشو بەرزنجەو سیروانو قەڵادزێو صلاح‌الدینو دەیان گوند لەپارێزگانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك ئەم پرۆژانـــــە بەنەخۆشخانەکەی هەولێرەوە هەمووی (١٩٧٧٧٠٠٠) دیناری تێدەچێ .

هەروەها چەند پرۆژەیەکی تر لە نەخشەی ١٩٨٠دا دانرابوو بەڵام هێشتا دەســـتی پێنەکراوەو چاوەڕوان دەکرێ بەم زوانە ئیشی تیابکرێو ئەمپرۆژانـــە بایـی (٥٠٧٣٠٠٠) دینارەو پێکهاتوە لـــــە دروستکردنی کۆمەڵگای دائیرەکانی کار لـــــە دهۆکو ســـلێمانیو دروستکردنی ئوتێلیك بۆکرێکاران لـــە سلێمانیو مەڵبەندێکی پزیشکی بۆکرێکاران لـــــە سلێمانیو باخچەیــــەکی منداڵان لـــە سەرچنارو یانەیەكو کتێبخانەیەك لەسلێمانی .

**٤ – ئەمانەتی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ :**

تێکرایی پانایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردســـــتان (١٤٩٩٤٤٠٠) دۆنمە ، (٤٨٨٣٥٠٠) دۆنمی بـــەکەلکی کشتوکاڵ دێ لەمــــەش (٥٥٢١٩٠٠) دۆنم بەراوەو (٤٣٣١٢٦٠٠) دۆنمی دێمە .

Institut Kurde de Paris



له كوردستان حالی‌حازر (١١) كێلگەی میـــری هەیەو ، پرۆژەكانی سامانی ئاژەڵ دوو جـۆرن :

ا – پەروەردەو قەڵەوكردنو مریشك ، لەم جۆره پرۆژانه حالی‌حازر (١٠٦) پرۆژه لەكوردستان هەیه .
ب – ئیستگەی ئاژەڵ :

چوار ئیستگەی ئاژەڵیش له هەولێرو دهـۆكو سلێمانی هەیه .

هەروەها له هەر سێ پارێزگەكەدا (١٤١٢) بیری یرتیوازی هەیه .

تاوەكو ٢٥–١٢–١٩٨٠ له پارێزگای هەولێـــر (٦٣٢٩٠٢) دۆنمو لەسلێمانی (٨٧٨١٥٧) دۆنمو لـــه دهۆك (٢٢١٠١) دۆنم زەوی‌وزار بەسەر جوتیارانـــدا دابەش‌كراوه .

لەساڵی ١٩٨٠دا ٣٨١٣٧ دۆنم به توتن چینراوەو له ماوەی سێ ساڵی رابوردوا (٥١٣٣٠٤٧) دینار بەقەرز به جوتیارەكان دراوەو ، ئـــەو پارانەی لەخوارەوه دیاری‌كراون لـــه چەندین پرۆژەی نیشتەجێ‌كردنو نشتوكاڵیدا خەرج‌كراون :

پارێزگای هەولێر ٣٣٦٦٧٤٣ دینار
پارێزگای دهۆك ٣٢٩٨٠١٨ دینار
پارێزگای سلێمانی ٢٧٠٤٥٣٠ دینار

٥ – ئەمانەتی رۆشنبیریو لاوان :

چالاكی‌یەكانی ئەم ئەمانـــەته دەكرێته چـــەند بەشێكەوه :

یەكەم :

چاپەمەنی‌یەكان :

١ – چەندین كتێبی كوردیو عەرەبی نووسەرانی كوردستانی چاپ‌كردوەو دەستی زۆر لەو نووســەرانه گرتوه بۆ لەچاپدانی بەرهەمەكانیان .

٢ – بەبۆنەی ساڵی منداڵانی جیهانەوه (٣) كۆمەڵه چیرۆكی منداڵانی به زمانی كوردی لەچاپداوه .

٤ – پۆستەری سیاسی له بۆنـــه نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەكانداو دەبارەی جەنگی شەرەف ، جـــەنگی قادسیەی صدام بڵاوكراودۆتەوه .

دووەم :

فیستەڤاڵو كۆڕو ئاهەنگە رۆشنبیری‌یەكان :

ئەم ئەمانەته هەموو ساڵی لەبیـــرەوەری رۆژی رۆژنامەگەری كوردیـــدا ئاهەنگی گێڕاوەو هەروەها یـــادی رۆژی رۆژنامەگەری عیراقیشی كردۆتەوەو ، پاداشتو دیاری پێشكەش‌بە هونەرمەندانی ناوچـــەكه كردوەو ئاهەنگی گەورەی بۆ گێڕاون .

سێیەم :

شانۆ :

ئەم ئەمانەته سێ تیپی سەر به بەڕێوەبەرایەتی‌یـــەكانی رشنبیری جەماوەر دامەزراندوەو ئاهەنگی بەبۆنەی رۆژی شانۆی جیهانەوه گێـــڕاوەو ، هاوكاری كردوه لـــه هەوڵی نیشتمانیدا بـــۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری .

جگه لەمانەش ئەمانەت یاریـــدەی لقەكان یەكێتی نووسەرانی كوردو نەقابـــەی هونەرمەندانی داوەو ، لەهەولێرو سلێمانی شەش یانەو هۆڵی بۆ خاوەن بەهره زانستی‌یەكان تەرخان‌كردوەو دەورەی تایبەتی بـــۆ كردوونەتەوه .

ئەو پرۆژانەی تەواو بوون :

(٥) مەڵبەندی لاوانو خێوەتگایەكی لاوان لـــه هەولێرو یەكێكیش له صلاح‌الدینو بایی (٢٨٦٥٠٠) دیناریش پێویستی لاوانی كڕیوه .

ئەو پرۆژانەی لەتەواوبووندان :

(٢) هۆڵی وەرزش لەهـــەولێرو دهـــۆك ، مەلەوانگەیەك لەهەولێر ، (٤) خێوەتگا لەسەرسەنگو ئخمورو هەنجیرۆكو سەرچنارو زاخۆ ، (٣) كۆگا لـــه سلێمانی‌و دهۆكو هەولێرو (٥) یاریگەی هیللی‌و ، (١٠) مەڵبەند بۆ لاوانی كوردستانو چاپخانەی رۆشنبیری . ئەمانەو جگه لەچەندین پرۆژەی تر بـــۆ لاوانی ناوچەكه .

٦ – ئەمانەتی كاروباری ناوخۆ :

تائێستا ئەم ئەمانەته (٢٧) پرۆژەی جێبەجێ‌كردوەو (٦٥) پـــرۆژەی تر بەدەستەوەن كه تـــەواو بكرێنو



Institut Kurde de Paris





بەهەمووی (١٧٠١٣٠٠٠) دیناریان تێدەچێ . هەروەها ئەمانەت چەندین دەورەی راهێنانی بۆ بەرگری شارستانی کردۆتەوەو چاودێری کاروباری سکەلێدانو ئاگرکوژاندنەوە دەکاو هەروەها دائیرەکانی نفوسی ناوچەکە هەڵدەسووڕێنێو ، دەزگایەکی تایبەتیشی بۆ هاتوچۆو گواستنەوەی هاووڵاتیان کردۆتەوە لەنێوان هەولێرو دهۆکو نەینەواو تەئمیمو داهاتی شەش مانگی یەکەمی (٢٣١٠٠) دینار بوو ، حالی‌حازریش بەدەستەوەیە بایی ملیۆنو نیوێ دینار ئۆتۆمبیلی قەللابو لوری بارهەڵگر بکڕێ ، هەروەها بڕیار وایە کە (٥١) پاسی هاتوچۆی هاووڵاتیانیش بکڕێ ، جگە . لە لە پێویستی‌یەکانی دەزگاکانی ئاگرکوژێنەوە .

**٧ ـ ئەمانەتی شارەوانی‌یەکانو هاوینەهەوارەکان :**

تائێستا ئەم ئەمانەتە بایی (١٨) ملیۆن دینار پرۆژەی خزمەتگوزاریو گەشتو سەیرانی لەپارێزگەکانی ناوچەی کوردستاندا تەواو کردوە ، جگە لەمەش حالی حازر دەزگاکانی ئەمانەت خەریکی جێبەجێ‌کردنی کۆمەڵێ پرۆژەی ترنو (٣٠) ملیۆن دیناریان تێدەچێ ، هەروەها جگە لەو پارانەی لەسەرەوە باس‌کران هەموو ساڵێ پارەی تایبەتی بۆ بۆدجەی شارەوانی‌یەکانی ناوچە تەرخان دەکرێ بۆئەوەی بەباشیو بەپەلە پرۆژە خزمەتگوزاری‌یەکانی ناوشارەکان جێبەجێبکەن وەکو کردنەوەی ڕێگاو شەقامو قیرتاوکردنیانو دروست‌کردنی گازینۆی نوێو بازاڕو ڕێکخستنی مەیدانەکانی ناوشارو سەیرانگاکانو پارکەی منالانو ، لەگەڵ ئەمانەشدا دروست‌کردنی ئوتێلو خێوەتگای پشوودانو چێشتخانەو سینەماو .. هتد .

لێرەشدا پێویستە ئەوە بڵێین کە سەرۆکی فەرماندە صدام حسین خۆی چاودێری شاری هەولێر دەکاتو بایەخی پێدەدات ، ئەوەبوو لەم دوایی‌یەدا (١٧) ملیۆن دیناری بۆ شارەوانی‌یەکانی پارێزگای هەولێر بۆپێشخستنی کاروباری شارەوانیو کڕینی ئامێرو ئۆتۆمۆبیلی پێویست .. هەروەها ئەمانەت تائێستا (١٥٠٠٠) پارچەزەوی بەسەر فەرمانبەرانو کرێکارانو هاووڵاتیەکانی تردا دابەش‌کردوەو لەدەرەوەی شاریش زەوی بەسەر خاوەن پیشەکاندا دابەش‌کردوە تاوەکو کارگەکانیان بۆ بگوێزنەوەو ، بەپێی بڕیاری سەرۆکی فەرماندە کاک صدام حسین (٢٠٠٠) پارچە زەویش درا بەو هاووڵاتیانەی کە بە تەجاوز خانوویان دروست‌کردوە ، لە سلێمانیش (٢٠٠٠) پارچە زەویو لە دهۆکیش (٦٠٠) پارچە زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش‌کراوەو ، بەشی نەخشەکێشانی شارەکانیش لە ئەمانەت . نەخشەی بنەڕەتی نوێی بۆ هەموو شارو ناحیەو قەزاکانی کوردستان داناوەو ، بەو پێیە شێوەی بەکارهێنانی زەویو جۆرەی پرۆژەکانی ناو ئەو شارانە دیاری کراوە .

لەمەیدانی گەشتو سەیرانیشدا ئەمانەت زەوی بەو هاووڵاتیانە داوە کە ویستوویانە خانوو یان ئوتێلی گەشت‌کردن دروست بکەنو ، هەروەها پارەی قەرزیشی بە هەندێکی تر داوە بۆ پێشخستنو پەرەپێدانی دەزگا ( سیاحیە )کانیان .

**٨ ـ ئەمانەتی کاروباری ئابووریو دارایی :**

پاش ئەوەی کادیری پێویست بۆبەڕێوەبردنی کاروباری ئەم ئەمانەتە دامەزرێنران دەستکرا بەئیش‌وکارو لەساڵی ٩٧٦-٩٧٧ دائیرەی ( عقار )و ( واردات ) کە سەر بە وەزارەتی دارایی بوون ، بەستران بەم ئەمانەتەوەو هەموو کاروبارێکیان کەوتە ژێر دەستەڵاتیەوە .

لەساڵی ١٩٧٨دا دەزگاکانی شت‌ومەک فرۆشتن ، بەبڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەستران بە ئەمانەتەوە ، تەنها لە کاروباری ( شت‌کڕین ) نەبێ لەدەرەوە ، کە لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی بەیوەندی هەر بە دەستەڵاتداریتی مەڵبەندەوە مایەوە .

هەروەها لقەکانی دەزگای نانەواخانەکان بەستران بەم ئەمانەتەوەو بەڕێوەبردنی سایلۆی هەولێریش خرایە ئەستۆی ئەمانەتو ، لەم ساڵانەی دوایی‌یەدا سێ نانەواخانەی ئۆتۆماتیکی گەورە لە هەر سێ پارێزگەکەی کوردستان کرانەوەو ، لەلایەن کەرتی سۆشیالیستی‌یەوە بەڕێوەدەبرینو ، بڕیار وایە نانەواخانەی ئۆتۆماتیکی لەو سێیەی سەرەوە بچوکتر بەو هاووڵاتیانە بدرێ کە داوای دەکەن ، بەمەرجێکی ئاسان ئەویش ئەوەیە کە نرخەکەی دابەش بکرێ بەسەر چەند ساڵێکدا واتە بە ( قیست ) . هەروەها لەم ماوەیەی دوایی‌یەدا ئەمانەت مۆتۆڕی کارەباو ئۆتۆموبیلی بارهەڵگری داوە بە خاوەن نانەواخانەکانو ، لە ساڵی ١٩٨١دا سێ سایلۆی دانەوێڵەو ئاشێکی گەورەو بەتوانا تەسلیمی ئەمانەت دەکرێ .

لە ساڵی ١٩٧٨ وە ئەمانەت دەستی بە ئامادەکردن تەخمیناتی دەستنیشاندنی ئاسایی ئەمانەتەکانی ناوچەو بۆدجەی ئەنجومەنی یاسادانانی کردو ، ئەگەر سەرنجێکی ژمارەی ئەو پارانە بدەین کە تەنیا بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی خەرج‌کراوە بەم شێوەیە دەیبینین :

| ساڵ | پارە ( دینار ) | |
|---|---|---|
| ١٩٧٦ | ١٤٧٨٨٠٠ | |
| ١٩٨٠ | ٥٧٣٠٤٠٧٠ | |
| ١٩٨١ | ٧٥٠٥٢٠٠٠ | ( ئەوی بۆی دانراوە ) |

هەروەها هەر سێ خەزینەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک بەستراون بەم ئەمانەتەوەو سەربەخۆ کاروباریان بەڕێوە دەبەن ..

ئەمانەتی کاروباری ئابووریو دارایی ، حالی‌حازر بەرزترین دەزگای دارایی‌یە لە کوردستانداو بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەگەرمی لەلایەن دەزگا بەرزەکانی دەوڵەتەوەو لەلایەن هاووڵاتیانیشەوە یاریدەی دراوە .

**٩ ـ ئەمانەتی کاروباری ئەوقاف :**

لەو ڕۆژەوە ئەم ئەمانەتە دامەزراوە (٢٠١) فەرمانبەرو کرێکاری تیا دامەزراوە . هەروەها (١٣٥٨) ئیمامو قورئان‌خوێنو موئەزینو مجێوریشی تیا دامەزراون .

ئەمانەت بایی (٣٥٦٥٠٠) دینار شت‌ومەکو کەل‌وپەلی بۆ مزگەوتو تەکیەو خانەقاکانی کوردستان کڕیوەو (٣٩٢١٠٠٠) دیناریش بۆ چاک‌کردنەوەو دروست‌کردنی مزگەوتی نوێ خەرج کردوەو (٧٧٥٠٠) دیناریش بۆ چاک‌کردنەوەو دروست‌کردنی بەشێکی تر بۆ بینایەی ئەمانەتی گشتی خەرج کردوە ، هەروەها (٤) ملیۆن دیناریش بۆ دروست‌کردنی (٦٤) مزگەوتی گەورە لەگوندە هاوچەرخەکاندا خەرج‌کردوە .

نووسینگەی هەولێر

Institut Kurde de Paris

# له دەستكەوتە مەزنەكانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووزی پیرۆز

## ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان

یەكێك لە دەستكەوتە هەرە مەزنەكانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی مەزن بەڕابەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست، بڕیاردان بوو لەسەر بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەڕەواكانی گەلی كورد بە چەسپاندنی ئۆتۆنومیەوە لەكوردستانی عیراقدا . لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا بەیاننامە مێژوویەكەی ١١ی ئادار دەرچوو وە لە ساڵی ١٩٧٤دا سەركردایەتی حزبو شۆڕش بەڵێنی خۆی بەدی هێناو ئۆتۆنۆمی لەناوچەی كوردستان چەسپاند .



دیارە هەموان دەزانن كە ڕژێمەكانی پێشو بیریان لە چارەسەری كێشەی نەتەوەی كورد نەدەكردەوە ، بەڵام حزبی بەعسی بەپێی هەڵویستی مەبدەئیو مرۆڤایەتیانەی هەر لە بەرپابوونی شۆڕشەوە دڵسۆزانە هەنگاوی بۆ چارەسەری كێشەی نەتەوەی كورد ناوە ( حزب هەمیشە ڕێزی لە ناوەرۆكی پێشكەوتخوازانەی خواستە نەتەوەییەكانی جەماوەری كوردناوەو هەمیشە وای داناوە مافی نەتەوایەتی ڕاوانو بەدیهێنانی یەكیتی نێوان جەماوەری گەلی عیراق پتەو دەكات ) .

Institut Kurde de Paris

## لە سەر ڕێبازی شۆڕش و لە سایەی دەستكەوتە مەزنەكانیدا .. عیراق بەردەوام ئاوەدان دەبێت و ... گەل ... شاد و سەربەرز ..



Institut kurde de Paris


هاوكاری

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەیە

دار الحرية للطباعة بغداد

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
ت: ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەتا

١٦ لاپەڕە
٢٥ فلس